# 26ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

لە مێژووی هەر نەتەوەیەک دا هێندێک رۆژ هەن کە گرینگی تایبەتیان هەیە.

رۆژی 26 سەرماوەزیش یەکێک لەو رۆژانەیە کە لە مێژووی نەتەوەکەمان دا جێگایەکی بەرزو دیاری هەیە.

لە رۆژی 26ی سەرماوەزی ساڵی 1324 ژمارەیەک لە رۆڵە شۆرشگێرەکانی گەلی کورد لە شاری مەهاباد هێرشیان کردە سەر شارەبانی مەهاباد کە نیشانەیەکی سەرکووت وە فشاری ڕژیمی نیگریسی پاشایەتی بوو. ئەو مۆلگەیەیان گرت و شاری مەهاباد بە تەواوی کەوتە دەست خەڵکی دڵسۆزی مەهاباد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. گرینگی دیکەی 26ی سەرماوەز لەوەدایە کە لەو رۆژەدا پەرچەمی کوردستان لە مەهاباد ناوەندی کۆماری خۆشەویستی کوردستان هەڵ درا.

پێویستە بگوترێ کە رۆژی دوایی سووپای میللی کوردستان دامەزرا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێز گرتن لە خۆبەختکەری و گیانبازی ڕۆڵەی تێکۆشەری کورد، ئەو ڕۆژە واتە 26ی سەرماوەزی بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان نێودێرکردووە. کاتێک باشتر گرینگی تێکۆشانی پێشمەرگە دەر دەکەوەێ کە سەرنج بدەینە هۆیەکانی بەرەو پێش چوونی شۆرشی گەلەکەمان کە ئەمانەن:

یەکەم: سیاسەتی دروست و ئوسوولی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دووهەم: قارەمانەتی و لە خۆبوردوویی پێشمەرگە

سێهەم: پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی کۆڵنەدەر و نەبەزی کوردوستان

ناوی پێشمەرگە کە ناوێکی زۆر خۆشەویشتە، لە کۆماری کوردستان کە بە هیممەتی حیزبی دێموکرات دامەزرا، لە سەر خەباتگێڕی ڕێگای ئازادی دانراوە. ئەو نێوە جێگەی خۆی کردوەتەوە و بۆتە سومبولێک بۆ فیداکاران و

خۆبەختکەرانی ڕێگەی ئازادی گەل و نیشتمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش.
لە ساڵی 1363ی هەتاویەوە ڕێبەرایە تی حیزب ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەستنیشان کردوە. هەموو ساڵێ حیزبی شۆرشگێڕی گەلەکەمان «ح.د.ک.ئێ» بۆ ڕێزگرتن لەو خەباتگێرانە کە ئامادەی فیداکارین بۆ گەل و نیشتمان، ڕێ و ڕەسمی 26 سەرماوەز لە بنکەکانی حیزب بە ڕێوەدەبا کە ئەوساڵ لە هێندێک وڵاتی ئوورووپاش ئەو ڕێ وڕەسمە بەڕێوە چووە.
لە کاتێک دا زۆرکەس تەنانەت لە کۆمەڵی کوردەواری خۆشماندا جگە لە ژیانی خۆشی خۆیان و بنەماڵەکەیان بیر لە شتی دیکە ناکەنەوە، پێشمەرگە ئەو ڕۆڵە فیداکار و شۆرشگێڕەی گەلەکەمان نەک هەر ئامادە بووە باشترین ساتەکانی ژیانی خۆێ بۆ خزمەت بە گە ل و نیشتیمان تەرخان بکات، بە ڵکوو بە سەخاوەتەوە باشترین سەرمایەی ژیانی، واتە گیانی لە سەر لەپی دەست داناوە و بێ ترس و سڵەمینەوە لە مەرگ ئامادە بووە لە پێناوی رزگاری و ئازادی و ژیانی کۆمەڵی کوردەواری دا بە گژ زوڵم و زۆرداری دا بچێتەوە.
لەو ڕۆژە پیرۆزەدا جێگەی خۆیەتی پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چ لە ئاستی نێونەتەوەویی و چ لە نێوخۆی وڵات دا زۆر بێزراو بووە. جێگەی خۆشحاڵییە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ئەمریکاو ناوەندەکانی دەسەڵات، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییان ناسیوە و گومانی هیوا بە ئاڵوگۆری ڕێژیمی ئێرانیان لە خۆ دوور خستۆتەوە،کە ئەوە لە خۆێ دا پێشکەوتنێکە.
ئەوان لە زۆر فرت وفێڵی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ سازکردنی چەکی ئەتۆمی کە گوایە بە مەبەستی خێرخوازانە بۆ ئینرژی کەڵکی لێ وەر دەگیرێ و شانۆسازی لە مەڕ پاراستنی مافی مرۆڤ تێگەیشتوون. سەرەڕای زەخت و فشاری زۆری ڕژیم ئاڵوگۆڕێک بەقازانجی کۆمەڵانی خەڵک پێکهاتووە و خەڵک ترسیان شکاوە و بە نیسبەتی جاران ڕاشکاوانەتر قسە دەکەن و داوای ویست و داخوازییەکانیان

دەکەن. بوونی دوو هۆی نێوخۆیی و دەرەوەیی هەل و مەرجێکی پێک هێناوە کە رەنگە رێژیم نەتوانێ سالێانێکی زیاتر درێژە بە تەمەنی نیگریسی بدات.

ئێمە ئاواتەخوازین ناوەندەکانی دەسەلاتی جیهانی و کۆمەلگای نێونەتەوەیی پشت بکەنە کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی ئێران، بەتایبەت گەلی کورد بکەن. گەلانی ئێران پێویستە باوەڕیان بە خۆ هەبێت و باوەڕ بەوە کە سەردەم گۆڕاوە و دیکتاتۆرەکان ناتوانن بە شێوەی جاران درێژە بە خەیانەت و جنایەتەکانیان بدەن. پێویستە ڕێژیمەکانی سەردەمی پێشوو بەتایبەت ڕێژیمەکانی ناوچە دەرس لە چارەنووسی ڕێژیمی ئێراق وەرگرن کە بەخۆ تەیارکردن بە چەکی جۆراوجۆری کۆمەلکوژی تەنیا ماوەی تەمەنیان کورتتر دەبێتەوە. با خەلکی دونیاو حکوومەتەکان بزانن کە ئاخووندەکانی سەدەکانی نێوەڕاست لە بەرەی جەهل و نەزانی و تیرۆریزمی جیهانی و بەرەی دژی ئاشتی و مافی مرۆڤ دان و گەلی کورد لە بەرەی دژی تێرۆریزم و پێشکەوتن و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ دایە. ئەوەی کە دەبێ ئەوان بۆ یستا و دواڕۆژ حیسابی لە سەر بکەن و بایەخی پێ بدەن گەلی کوردە، کە وەک فاکتۆرێکی گرینگ و جیددی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دا بۆ ئاشتی و دیمۆکراسی ناوچە گرینگی تایبەتی هەیە.

با لە ڕۆژی پێشمەرگە و لە یادی پێشمەرگە دا ئەو ڕاستییە بخەینە بەر چاو کە لە هەل و مەرجی ئێستای کوردستان دا تێکۆشانی نیزامی بە هێندێک هۆ وەک جاران نەماوە و پێشمەرگەو کادرەکانی حیزب بە کاری سیاسی و تەشکیلاتییەوە خەریکن، هیچ لە بایەخ و توانای ئەوان کەم نەبووەتەوە. بەلکوو ئەوان بۆ هەر هەل و مەرجێکی لە بار کە بێتە پێش توانای سیاسی و نیزامییان دەچێتە سەر و باشتر دەتوانن خزمەتی گەلە شۆرشگێڕەکەمان بکەن. پێویستە ئەوەمان لە بیر بێت کە هەموو ئەندامەنی حیزب چ وەک چەکدار و چ ئەوانی لە تەشکیلاتە نهێنی

یەکان دان بە پێشمەرگە دەژمێردرێن. هیچ کات نابێ جیاوازی تێکۆشەران کە کاری سیاسی دەکەن لە گەڵ کەسانێک کاری نیزامی دەکەن هەبێت. سەرکەوتنی حیزب لە سەرکەوتنی هەموو پێکەوەتێکۆشانمان دایە.
بەوە بەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە ئەرکی سەرشانی ئەندامەنی حیزبە کە هەم لە ناخۆ و هەم لە دەرەوەی وڵات لە جاران ڕێک و پێک تر بۆ بەهێزکردن و پتەوترکردنی سەنگەری خەباتی سیاسی و جەماوەری تێبکۆشن.
ئاواتە خوازین کە ڕۆژی 26ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیش، وەک وشەی پێشمەرگە لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان دا جێگەی خۆی بکاتەوە و ڕێزی لێ بگیرێ.
لەو ڕۆژە پیرۆزەدا ئاواتەخوازین کە ئەو شنەبای ئازادییەی کە کوردستانی ئێراقی گرتۆتەوە کوردستانی ئێرانیش بگرێتەوە و کوردەکانی ئەم بەشەش بە ئاواتە لە مێژینەکانیان بگەن!
سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدانی کوردستان بەتایبەت شەهیدانی سەرکردەو ڕێبەر؛ پێشەوا قازی محەمەدی نەمر، دوکتۆر قاسملووی زانا و، دوکتۆر شەرەفکەندی تێکۆشەر دا دەنەوێنین.
سڵاو و ڕێز بۆ هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان بەتایبەت پێشمەرگە و کادرە تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.
هیوادارین زۆرنەکێشێ جێژنی 26ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە کوردستانی ئازاد لە نێو خۆشەوەیستەکانمان دا بگرین.

کەریم ئەڵڵاوەیسی 13/12-2003